ئازادی بۆ کاك کەمالی سەید قادر

lfaraidun_73@hotmail.com

فەرەیدون حەمەڕەشید سویسرا

ئەوەندەی فووبەجووقی دیموکرسی وئازادی بۆدەسەڵات دەکرێت ،ئەبێت بەچارەکێکی ئەوبانگەشەدرۆزنانە دەسەڵات گوێگربێت لەهاتنی قەڵەمی نووسەران و ڕۆژنامەنووسی، بوێرو ڕەخنەکانیان ،لە پێشێلکاری
دیموکراسی و ئازادی دوێنێ دا عیبرەت وەربگرێت لەبەحەتمی بوونی گۆڕانەکان بگات،ولێرەدا ناگەڕێمەوە بۆباباسکردنی پێشێلی سیاسی ودیموکراسی لەمێژووی دوێنێ دا،ئەوەی زیاترمەبەستی ووتارەکەیە گرتن و فڕاندنی کاك کەمال سەیدقادرە لەسەرئازادی و ڕادەڕبڕینی بۆچوونەکانی لەدەسەڵات هەرچەندە من لەگەڵ ووتاری تەشهیرو شەخسیدانیم کەهەرنووسەروڕۆژنامەنووسێك بیکات ،بەڵام ئەوەندەی ڕوناکبیران وخەڵکی کوردستان ئاگاداری نووسین وهەوڵەکانی کاك کەمالی سەیدقادربێت ویستویەتی بەشێوەیەکی ئەکادیمیستی پرس وکێشەکانی خەڵکی کوردستان شەنوکەوبکات وگەندەڵی سیاسی وئابووری سیکاندالکردوە دزینی سەروەت وسامانی کوردستانی بەخیانەتی نەتەوەی ناوبردووەباس وکێشەی ئەوفایلدارانەی وروژان وسکاندالٌ کردووە کەلەناوجەرگەی خەبات وپشتی پێشمەرگەوەکاری نامەگۆڕینەوەومخابەراتیان بۆدەزگاکانی بەعس کردووە،لەپشتی جەماوەروە بووبونە تابوری پێنج و زەربەیان لەشۆڕش و بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی ئەدا،دکتۆرکەمال ئەگەر نووسین و قسەڵۆکێکی یشی
بۆکەسایەتی و بنەماڵەسیاسیە کانی کوردستان هەبوبێت بێ لەوەی وەك نووسەرێك ئازدەلەڕادەڕبڕینی خۆی بەڵام دەسەڵاتیش ئەوەندەی باس لەدیموکراسی وگۆڕانەکان دەکات دەبێت
تەحەموولی ووتارەڕەخنەئامێزەکان بگرێت،ئەگەریش نا بالەڕێگەی دادگایکردنی ڕاستەوخۆ ئاشکرا مامەڵەلەگەڵ د.کەمال دا بکرێت ئەمڕۆلەسایەی دەستکەوت وپێشڕەوی یەکانی تەکنەلۆجیا خەڵکی کوردستان گوورج وخێرا بەگەندەڵی وسەرکوت وپێشێلی ئازادی ومافەکانیان درکدەکەن وناڕەزایەتی
وپشتیوانی بۆبەڕێدەخەن،لەنمونەی ئەوکەمپینەگەورەوبەرفراوانەی بۆ دکتۆربەڕێوەیە ئەمڕۆکوردستان بەهەلومەرجێکی هەستیارو چارنووس سازدا تێپەڕدەبێت لەئاستی نێونەتەوەی دا بەسەنگێکی زۆر جیاواز لە ڕابردوو لەهاوکێشەسیاسی یە کاندایە باشترواید دەسەڵات لەکودستان یان ڕوونتر
باڵێین پارتی دیموکراتی کوردستان کەبەپێ بلاوکراوەڕۆژنامەوانیەکان و بنەماڵەی کاك کەمالی سەیدقادر لایەنی سەرەکی کێشەکەیە هەڵوێستی خۆی بەئازدکردنی کاك د.کەمال ڕوون وئاشکرابکات چیدی ئەم کێشەیە نەبێتەفاکتەری لەوەزیاتری پەرتبوونی یەکریزی نەتەوەیی ودابڕانی شەقامی کوردی ،بۆیە منیش دەنگم لەپاڵ ڕۆژنامەنووسان و نووسەران و تەواوی ئازادیخوازان وئەوکەمپینەمەزنەدایە بۆهەرچی خێرا ئازادکردنی کاك دکتۆر کەمالی سەیدقادر